عێراق و ئیسپانیا لەسەر دە خاڵی گرنگ ڕێککەوتن

دوای سەردانەکەی ئەمڕۆی پێدرۆ سانشیز سەرۆك وەزیرانی ئیسپانیا بۆ سەردانێکی ڕەسمی گەیشتە عێراق و لەلایەن محەمەد شیاع سودانییەوە پێشوازیلێکرا و کۆبوونەوە ئەنجامدرا، هەردوولا لەسەر 10 خاڵی هاوبەش ڕێککەوتن.

لە گرنگترین خاڵەکان، بەردەوامیی چالاکییەکانی ئیسپانیا بوو لەبەرەوپێشبردنی توانا سەربازییەکانی عێراق.

بەپێی ڕاگەیەندراوی نووسینگەی سەرۆك وەزیرانی عێراق هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر:

یەکەم: دووپاتی پێیوەندی باشی دووقۆڵی نێوان هەردوو وڵات و گەلی هەردوو وڵات و پێیوەندیی مێژووی هەردوو وڵات، کارکردن پێکەوە بە باشترکردنی پێیوەندییەکان و بەردەوامی کۆبوونەوەکان لەپێناو ئاوگەڵی بیروڕای سیاسی لە نێوانیاندا.

دووەم: گەشەسەندنی پێیوەندییەکان لە بوارەکانی بەرگری، ئاسایش، ژەرخان، گواستنەوە و بەڕێوەبردنی ئاو، هەردوو سەرەك وەزیران لەسەر ئەوە کەکبوون بەردەوامبن لە هەمەچەشنکردنی پێیوەندییە ئابوری و بازرگانییە دوو قەبییەکان بە هاندانی بەشداریکردنی ئیسپانیا لە ئاوەدانکردنەوەی عێراق.

سێیەم: بەشداریی چالاکانەی ئیسپانیا لە هەوڵە نوودەوڵەتییەکان بە پەرەپێدانی تواناکانی هێزەکانی عێراق.

چوارەم: هەردوو سەرەك هاوڵابوون لەسەر هەوڵەکانی ئیسپانیا لە یەکێتیی ئەوروپا و کەمەڵەی 20 و ڕەکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ.

پێنجەم: هاوڵابوون لەسەر گرنگیی کۆنفرانسی بەغداد بە هاوکاری و هاوبەشی (کۆنفرانسی بەغداد) وەك ئامرازێکی دیپلۆماسی بە ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی توندوتیژی لە ناوچەکە، ئیسپانیا ڕۆڵی عێراقی بەرزنرخاند لە هەوڵەکانی بە دەستپێکردنەوەی پێیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان ئێران و شانشینی سعودیە.

شەشەم: عێراق و ئیسپانیا هەردوو لایان پێشوازی لە بەیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن لە 22ی کانوونی دووەمی 2023 دەری کرد و دەڵێت، "هەڵوەرجەك بە وەستاندنی بەردەوامی شەڕ و پەکدادانەکان لە غەززە دروست بکرێت"، هەردوو وڵات بە هاوبەشی داوای ئاگربەستی دەستبەجێ دەکەن لەسەر بنەمای مرۆیی.

حەوتەم: هەردوو وڵات ڕەکخۆتن لەسەر بەردەوامی کار لە پێناو بەدەستهێنانی ئاشتی و دادپەروەری هەمیشەیی لە ئەکرانیا کە لەگەڵ بنچینەی کارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا یەکدەگرێتەوە.

هەشتەم: هەردوولا هاوڵابوون کە باری نائاسایی کەشوهەوا مەترسییەکی ڕاستەوخۆی بە سەر کەمەڵەی جیهانی و بە سەر بژێویی مرۆڤەکان دروستدەکات، ئەمەش پێویستی بە کردەوەی بەهێز و گەورە مەبەست هەیە لەلایەن هەموو وڵاتانەوە، نیگەرانی خێیان دەربڕی سەبارەت بە کاریگەرییەکانی وشکەساڵی.

نێیەم: هەردوو سەرەك هاوڵابوون لەسەر پەرەپێدانی پێیوەندییەکانیان لە بواری خوێندنی باڵا و گەشەکردنی فەربوونی زمانی ئیسپانی لەناو عێراق، جگە لەوەش سەبارەت بە بەرەوپێشبردنی زمانی ئیسپانی، ئیسپانیا هاوبەشی خواستی خۆی بوو بە چالاککردنی فراوانکردنی پێیمانگای سەرڤانتەس لە

بەغداد، بە مەبەستی دەستپێکردنی بەرنامەی ڕاهێنانی مامۆستایان.

دەیەم: هەردوو سەرۆك هاوڵابوون لەسەر پتەوکردنی پێوەندییە دووقۆڵییەکان لە بوارەکانی دیکەی وەك هاوکاری لە بابەتی دادپەروەری، ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، گەشتوگوزار، تەندروستی، وەرزش، ئاسەوار و ڕۆشنبیری.